## هه تا نه قه ومێ شه ڕێ،
## هیچ مانای نابێ ئاشت بوونه وه

نووسه ر : یه ڵماز گۆنه ی
وه رگێڕ : ڕێناس جاف

منداڵ به باوکی وت : باوکه !... له نێو پۆله که ماندا کوڕێکی سپێون و ڕشکنی لێیه که دایمه به سیخورمه تێم ئه کوتێ...
لێت ده دا ؟
نازانم... له ڕیزی پشت سه رمه وه دانیشتووه.
باوکی سه رۆکی ئیداره ی پۆلیسه... له کاتی ده رز و وانه وتنه وه دا به رده وام قژم ئه کێشێ...
دایکی وتی : ئه وه ئیدی چلۆن منالێکه...
ئه ی کوڕم ئێوه مامۆستاتان نییه؟
ئه ی باشه چاوی له ئێوه نییه، ئه ی خۆ ڕۆڵه بۆ خۆت زوانت هه یه، ئه ی ناتوانی شکاتی بکه ی . بێژی لێت نه دا...
بێژه : " مامۆستا هه ندێ ئه م کوڕه ته مێ که. لێم ئه دا "
منالْ له سه ر دووڕییانێک گیری خواردبوو وگه لێ دوو دڵ بوو.
باوکی وتی : کوڕم ، ئه و دۆس و هه ڤاڵته؛ شکاتی مه که...
ئه م جۆره شکاتکردنه ،یه که م وات لێ ئه کا دایمه داوای یارمه تی له یه کێ بکه ی و متمانه ت به خۆت نه بێ، دووه میش گه ر شکاتی لێ بکه ی ، پێت ئه ڵێن لاپره سه ن و دوو زوان، ئه مه زۆر خراپه... ناوی دوو زوان و لاپره سه نت له سه ر داده نێن.
ئه وه ئاگات له خۆته کاورا ئێژی چی... ده ی ده ی ...
منالْه که ت تێر لێی ده ن و ئه ویش ده نگ نه کا...
باوک هه ندێ تێفکری و وتی : سبه ی بچۆ تێر و ته سه ل
قسه ی ده گه ڵ بکه، پێی بێژه : " چاو هه ڤاڵ!...
ئێمه هه ر دووک هاوپۆلین، خۆ دوژمنی یه ک نین "
بێژه : " کاره که ت زۆر ناشیرینه... ئیدی که مم تێ کوته "
گه ر هاتوو گوێی به و قسانه نه دا و دیسان ده س به ردار
نه بوو، ئه وه ند تووره مه به... هێور و له سه ره خۆ به،
هه مدیس به جۆرێک تێی بگه یینه وازت لێ بێنێ...
گه ر دیسان گوێی پێ نه دای، ئه مجاره یان به ر له وه ی
بچنه سه ر ده رزه که تان، به ده نگی به رز بێژه
هه ڤالان !... ئه م دۆس و هه ڤاڵه مان دایمه له خۆڕا تێم ئه کوتێ ، چه ن جاران پێم وتووه دۆستی خۆشه ویست ده س هه ڵگره ئه م کاره ت جوان نییه که چی هه ر گوێی پێنه دام، ئه گه ر ئه م جاره یان سیخورمه م تێ کوتێ، ده ستێکی چاکی لێ ده ده م ".
گه ر دیسان له کۆڵت نه بووه وه ، ئه تۆیش لێی ده ،

هه ڵبه ت نه ک شه پلاخه یێکی لێ ده ی و واز بێنی، نه خێر وا نابێ ، ده بێ ئه وه نده ی لێ ده ی ئیدی له کۆڵت بێته وه، جا دیاره ئه ویش ده توانێ به گژتا بێت و لێشت بدا به ڵام مه ترسه و پاشه کشه مه که...
گه ر مرۆڤ له به ره نگار بوونه وه و خه بات بترسێ، قه ت له ژیانیا سه ر ناکه وێ ؛
" هه تا شه ڕێ نه قه ومێ، خۆ ئاشتی و ئاشت بوونه وه یێک له کارا نابێ "
مناڵ به وردی گوێی بۆ قسه کانی باوکی شل کرد و هه موو هه وڵی ئه وه بوو جوان جوانێ لێیان بگات.
باوکی وتی : تێگه یشتی کوڕم ویستم چیت پێ بێژم؟
مناڵ وتی : ئه رێ باوه تێگه یشتم، به ڵام هاتوو چارم نه کردچی؟
گه ر هاتوو ده ره قه تیشی نه هاتی، دیسان که ویستی لێت بدا ئه تۆیش ده چی به گژیا، لانیکه م تێ ئه گا تۆیش توانای به رگری و به ره وانیت له خۆ هه یه، هه رله به ر ئه وه ،ئه ویش لێت ئه ترسێ ... وا نییه؟
مناڵ پێکه نی و باوک دیسان پێی وت: ڕه نگه ئه تۆیش بتوانی لێی بده ی ، هه ر لـه بـه ر ئـه مه ش مناڵـه کـانی دیش لێت ده ترسن و ئه وه ند نایه ن به گژتا، ئه تۆیش که ڵک له و ده رفه ته وه رده گری،
یانێ هاتوو تووشت بوو به تووشی شه ڕێکه وه ئه تۆیش بتوانی به گژ دۆستانت دا بچی و په لاماریان بده ی و ده ردیان بده یتێ، به کورتی هه مووان حسێبت له سه ر بکه ن و لێت بتۆقێن، به ڵام کوڕم ئه تۆ هیچ حه قی ئه وه ت نییه، ده س درێژی بکه یته سه ر که سی دی ، به ڵکوو گه ر یه کێ به ناحه ق په لاماری یه کێکی دی دا و ده س درێژی کرده سه ری، ده بێ پێشی پێ بگری ، گه ر هاتوو یه کێ به ناڕه وا په لاماری که سێکی دی دا و ئه تۆ بێده نگیت لێ کرد،ئه تۆیش له و په لامار و ده س درێژییه ، شه ریک و به شداریت... تێگه یشتی کوڕم؟...
مناڵ بیری له قسه کانی باوکی ده کرده وه و هه موو هه وڵی ئه وه بوو جوان تێیان بگات و لێیان حاڵی بێت.

وه رگێڕ بۆ فارسی : دوکتۆر ئیره ج نه وبه خت

Renas caf @yahoo .com